# لــەچــك

لەچکەکـــەی بـــەلقی دارقەیســـییەوەکەوە کردبـــوو. لـــەچکێکی ئاوریشـــمینی گوڵگوڵیبوو. لەگـەڵ گوڵـە وردە پەمەییـەکانی دارقەیسییەکەدا، هاوئاهـەنگ بـوون. چمکێکـی تونـد پێـوە گرێدابوو. بیری وردی بۆ ئـەوە چووبـوو کـە دەشـێ بایـەك، رەشـەبایەك، گێژەڵووکەیـەك هـەڵبکاو زەفـەری پێبـەرێ. لەلقەکـەی بکاتـەوەو بیبـا، لەکەلێنێکدا لەچاوانی بزر بکا. کە بزریش بوو، ئیتر کێ دەزانێ لەکوێیە؟!.

شەوەکەی هەموو بەپەرۆشەوە، سەیری بەرنامەی( مەتەڵو وەڵام ) یان دەکرد. کشومات لەچاوەڕوانی مەتەڵەکەدابوون. بەدوای تایتل دا، وێنەی مەتەڵبێژ شاشەی داگـیرکرد. پێـش ئـەوەی دەم هەڵبێنێتـەوە، شـیلان لـەدڵدا وتـی: ( دەیـزانم ). هەرهێندەشی مەتەڵبێژ وتی:

ـ ئەوە چییە هەر دەڕۆیت و...

شیلان بێچاوەڕوانکردن، یەکسەر بەدەنگی بەرز وتی:

ـ مردنە!...

خێزان هـەندێکیان ، خۆیـان لـە قسـەکەی بێئاگـاکرد. هەندێکیشـیان ئـاوڕێکی کەمتەرخـەمییان بەلادا دایـەوەو، خێرا روانیبیانـەوە شاشـەکە. تـەنیا بـاوگی کـە ئـەم هـەردەم خـۆی دەخزانـدە پاڵییـەوە، وازی لەسـەیرکردنی بەرنامەکـە هێنـا. لاونیـو بـەلایدا وەرچـەرخا. سـەرنجێکی پـڕ لـە سـۆزی باوکانەیدایـە. دەسـتێکی پـڕ لەخۆشەویســتی بەســەروقژیدا هێنــاو، بەبێقســە نووســاندی بەســنگییەوە. بەدەستووری جارانیتری، بەدەنگێکی هێمنو لەسەرخۆ، بەلەرەی ئاوازێکی ناسکی ئارامبەخش، چرپاندییەوە بەگوێیدا:

ـ کچە شیرینەکەم..کچە نازدارەکەم..کچە ئاقڵەکەی خۆم!.

شیلانیش وەك هەر جارێکی لەوەبەری، بەم لەبزە شیرینە تەلیسماوییەی باوکی هێمـن بـۆوە. سـەری بـەئارامی لەسـەر سـنگی راگـرتو خـامۆش بـوو. بـەڵام خامۆشییەکی بەسەرزاری. دەنا ئەگەرچی نەیدەڕوانییە شاشـەکەو، بگرە پێڵـووی بەسەر یەکدیدا داکشابوون، دەنگەکە بەردەوام لەگوێیدا دەزرنگایەوە کە دەیووت: (

ئەوە چییــە هــەر...)و بــەردەوامیش، نەیدەهێشــت قســەکە تــەواوببیٚو دەیــووت: ( دەیزانم..مردنە!).

چەنـدە ئـەو دوو وشـەیەی دووتنـەوە، پـتر وردەوردە روویـان لـەوەدەکرد، ببنـە ئـاوازێکی کپـی ناسـكو بپرژێتـە دەروونییــەوە. ئاوازەکــە ســەری لەســەر ســنگی پێهــەڵپچڕی. لەســەرخۆ راســت بــۆوەو، بــەهێمنی بەرەوژوورەکــەی هــەنگاوی‌نا. لەجێگاکـەیدا لەسـەر گـازی پشـت راکشـا. بـەدەم ئاوازەکـەوە، سـەرنجی لەبنمیچەکـە گیرکرد. رەنگی بنمیچ سپییەکی وەك چوڕی شیربوو. رەنـگ لەبـەرچاوی وردەوردە، بووە شینێکی گەشی ئاسمانێکی بەهاری. ئاسمانی شینی گەش، وەك لـەناکاوێکدا بـەری تیشـکی خـۆری لێبگـیریٚ، بـووە ئاسمـانی شـەوێکی هاوینـەی، سـیخناخ لـە ئەستێرەی پرشنگدار.

( مانگ هێشتا هەڵنەهاتوە!..مانگ تۆ بۆچی هێشتا هەڵنەهاتوویت؟!).

مانگی لەدەم کەلەوە هەڵهێنا. گواستییەوە بۆ تـەختی ئاسمـان. خەرمانەیـەکی ئەڵقـەداری دڵفرێـنی، بـەدەوردا بـۆ کێشـا. سـەرنجی‌دا ئەسـتێرە پرشـنگدارەکانی نزیکی، لەورشە کەوتوون. بەدڵی نـەبوو. مـانگ یەکێکـەو ئەسـتێرە هـەزاران. مـانگی ئاخنییــەوە ئــەودیو کــەلو، ئەســتێرەکانی ســەرلەنویٚ درەوشــاندنەوە. بینــایی بەیەکبەیـەکیاندا گێڕا. ئـەم بۆیـان دەخنایـەوەو ئـەوان بەئەمەکدارییـەوە، پرشـنگی ســۆزیان دپرژانــدە چاوانییــەوە. بەگلێنــەیدا رۆدەچــوونو دەڕژانــە، پانتــایی دەروونییـەوە. قـووڵ بـەناخیدا پـەرش دەبـوونو، دەیـانکردە چراخـانێك. دەیـانکردە ئەستێرەیەکی ورشەداری وەك خۆیانو، بەڵام تەریكو دابڕاو لێیانو، زیندانیکراوی ناو چواردیوارێکی تەنگەبەر!.

( ئەستێرە چۆن زیندانی دەکریٚ؟!..وا هاتم!).

راســتبۆوەو لــەژوور بەدەرکــەوت. بــەپێی پـــەتیو بێخشــپە، بەپیلکانـــەکاندا سەرکەوتە سەربان. لەپاڵ دیواری هەورەبانەکەدا چیچکەی‌کرد. بەگەشکەدارییەوەو پڕبەپڕی ئارەزووی هـەردەم تامـەزرۆی، کەوتـە هـەڵڕوانین بەسەرانسـەری ئاسمانـە سیخناخەکەدا لەئەستێرەی پرشنگدار..

( ئەوەتا..ئەوەیان منم..نانا ئەوە نیم..ئەمەیانم..ئائەمەیان!).

پێڵـووی سەرتاسـەر بـۆ هەریەکــەیان دەخسـتە سەرپشـت. دەرگـای گلێنــەی ئەمپەڕاوئەوپـەڕ لێوالآ دەکـردن. چـەندە پرشـنگیان بـۆ دادەچۆڕانـد، بەرەوهـەناوی کلاڤـەی پێدەبەستن. هـەناو لێوالێـو دەبـوو لەپرشـنگو دانەدەسـەکنا. دەیویسـت

تامی پرشنگی یەکبەیەکیان بکا. چێژی یەکبەیەکیان تاقیبکاتەوەو، هیچ کامیان نەبوێریێ. بۆچی بیانبوێریێ؟!. ئەم بەکامیان نامۆیەو، ئەوانیش کامیان بەم نامۆ؟!.

( کامتان مولّکی من نین..ها..کامتان؟!. کێتان دەستەمۆم نییەو لێم یاخییە؟!. هێی تۆ..ئائا دەڵێم تۆ!..وەرە دابەزە!..وەرە ناو مشتمەوە!..وەرە وەك پەپوولەیەك، لەسەر ئەم لەپیدەستەم بنیشەرەوە..وەرە با!..).

ـ کچە شیرینەکەم..کچە نازدارەکەم..کچە ئاقڵەکەی خۆم!.

باوکیبوو بەرامبەری هەڵترووشکابوو. هەردوو لەپەدەستی خۆی، نیشاندبووە سەر هەردوو لەپەدەستی ئەمو، هەر چواریانی بەسەریەکدیدا دەنووقاندنو هەڵیدەگلۆفتن..

( هەمدیس؟!..).

لەدڵدا بەبێزارییەوە وای وت. بەلاّم بەسەرزاری، هەر لەبزە شیرینە تەلیسماوییەکەبوو کە بیستیو، لەو جیهانەوە توورڕدرایەوە ئەم جیهان..جیهانی دەستە پڕ لە سۆزەکەی باوکی، کە هەڵیساندە سەرپێ. بۆ ماوەیەك سەری نووساند بەسنگییەوەو، دەستە پڕ لە خۆشەویستییەکەی بەسەروقژیدا هێنا. ئەوسا وەك بەرخۆلەیەك، بەپیلکانەکاندا دایبەزاندەوە خوارەوە. بردییەوە سەر جێگاکەیو رایکشاند. ماوەیەك بەدیارییەوە دانیشتو، بەدەم دەستهێنانە پڕ لەسۆزەکەیەوە بەسەروقژیدا، بەلەرەی ئاوازە ئارامبەخشەکەیەوە بەگوێیدا

دەچرپاند:

ـ کچە شیرینەکەم..کچە نازدارەکەم..کچە ئاقڵەکەی خۆم!.

ئەم جەستەی رووەو دیوارەکە وەرچەرخاندو وای نیشان دا، کە خەوی دێو بەڕاستی دەیەوێ بنوێ. باوك لەوەزیاتر بەدیارییەوە دانەنیشتو جێیهێشت. ئەم لەگەڵ بیستنی پێوەدانی دەرگاکەدا، خۆی خستەوە سەر پشت. بنمیچ سەرنجی راکێشایەوە. رەنگی سپیبوو وەك چوڕی شیر. بووە شینێکی گەش. وردەوردە بووە شینێکی تەڵخی رەشباوو، تاقە یەك ئەستێرەی گەشگەشی پرشنگدار، بەناوەڕاستییەوە دەدرەوشایەوە. لەگەڵ هەر ورشەیەکیدا، خەندەیەکی ناسکۆڵەی تێدا بەدیدەکردو، دەدرا بەڕوویدا. خەندە ناسکۆڵەکانی ژیلان بوونو ، بەڕوویدا دەدران. بێدیدەلادان لە ئەستێرە گەشگەشەکە، بەهێواشی دەستی بۆ لای راستی کوتا..

( ژیلان وەك ئەم قومات كراوەو، لەپاڵیدا دانراوە. دوو مەلۆتكەن‌و ئانوسات، لەبەردایك كەوتوونەتە خوارەوە. ئەوەتا لەدوو بێشكەدان. بەتەنیشت یەكەوەن‌و بۆ یەكتر دەخنێنەوە. لەسەر دوو رانن‌و دوو مەمك دەمژن‌و، بەتیلەی چاو یەكدی دەدوێنن. دوو رەوڕەوەو پێگرتن. پێكەوە گەمەو راكەڕاكەی، ناو ماڵ‌و كۆڵان. هەردووك..).

دەستێك دەسكی دەرگاكەی بزواند. چۆوە سەر باری پێشووی‌و، ورتەوجووڵەی لەخۆی بڕی. دەستەكە دەرگای‌كردەوەو بەژووركەوت. دوای قەدەرێ دەرگای پێوەدایەوە. شیلان كەوتەوە سەر پشت. ژیلان هێشتا لەگەڵیدابوو..هێشتا خەندە ناسكۆڵەكانی، هەر بەروویدا دەدا.

( هەردووك..هەردووك وەك خونچە دەگەشێنەوە. بەرامبەری یەكتر دادەنیشن‌و، لەیەكتر ورددەبنەوە..ئای!..خۆ من تۆیت‌و تۆ من!.ئەمە كە یەكەمجار ئەو قسەیەی بەسەردەمدا دێ..ئەرێ بەراست شیلان خۆ وایە!..من تۆم‌و تۆ من!. بەڕووی یەكدیدا دەتریقێنەوە. دەكەونە تەشقەڵەكردن بەباوكیان..بەخوشك‌و براكانیان..بەكەسەكارو بەدەرودراوسێ. تەنیا زەفەر بەدایكیان نابەن. دایك هەموو جار گرەویان لێدەباتەوە. جاروبار بۆ گاڵتەوگەپ، بەخۆشیانی دەكەن..ژیلان من نیم تۆیت..نەخێر من نیم تۆیت..نەخێر تۆیت..دەباشە هەردووكمانین..من هەردووكمانین‌و تۆش!. بەڕووی یەكدیدا دەتریقێنەوە).

شیلان لەوەدابوو بتریقێتەوەو فریاكەوت. بەپرتاو دەستەكەی لای راستی كشاندەوەو، لەپێی نیشاندە سەر دەمی. چاوێكی لە ژیلان داگرت‌و وتی: ئاخر هەی منەی هاروهاج..نابێ ئاگات لەخۆم..ئاگام لەخۆت بێ!..خەریكبوو بیقەومێنم. تۆ من زۆر پێدەكەنیت..دەكەنین!. ژیلان بۆیدایەوە لەورشەورشی پێكەنین‌و وتی: دەخنێیتەوە دەخنێمەوە. دەتریقێیتەوە دەتریقێمەوە. دەدەیتە قاقا دەدەمەقاقا. ئەی من تۆ نیم‌و تۆ من؟!..ئەی!..).

دوو گوڵەباخی پۆپەی لقێكن‌و، سەریان بەیەكەوە ناوە. گوڵەژیلان روو لەژاكاوییە. لێواری پەڕە قیتە نییانەكانی لوول دەخۆن. بریسكەی سەرگۆنایان تا بێ كزدەبێ. ئاورنگ لەخۆ ناگرن. گوڵەشیلانی سەر بەتەك سەرەوە، سەرسام دەبێ!. ــ گوڵەژیلان چ خێرتە؟!. ــ گوڵەشیلان هەست دەكەم، لەبنوبێخ هەڵدەكەنرێم!. ــ گوڵەژیلان هەرچی دەڵێیت، دەستم دامێنت ئەوەیان مەڵێ. گوڵەژیلان بنوبێخمان یەكە. من تۆم‌و تۆ من. ئەی من تۆ نیم‌و تۆ من؟!. ـ گوڵەشیلان

با. بەڵام نازانم بۆچی..نازانم لەبەرچی لەم بنوبێخەمان هەڵدەکەندرێم؟!. تەنیا هێندە دەزانم کە ئـەوەتا دەسـتێك..دەسـتپکی زەبـەللاحی دێوئاسـا، لـەبنوبێخم نـەویوەو بـەنیازی هەڵکـەندن، پەیتاپـەیتا رایدەتـەکێنیٚ. بۆچـی شـیلان بۆچـی؟!. تـۆ بچـۆ لێیبپرسە، بەڵکوو وەڵامی تۆ بداتەوە..وەڵامی تۆی من!).

شـیلان هـاوار دەباتــە بـەرباوك..دایـك..خوشـكو بـرا. هــەموو بۆنــی مــردن وڕیکردوون. هـەموو چاو پڕلەفرمێسك، ماتو غـەمگینن. خوشكو برا پـەرتوبلاٚو، لەم سووچ و لەو قوڕنەی ژوورەکـەدا دانیشتوون. دایكو باوك بـەژوور سـەرییەوەن. ئەم باوەشی پێداکردوەو، نیگای لە نیگای گیرە. ئەو نیگای تابیٚ کزو کزتـر دەبیٚ. لەئانوساتدایە دواتروسـکەی، لێبتکێنێتـە نیگـای ئەمـەوە. ئـەم بینـایی لێـلادەداو بەسەروسیمای، باوكو دایكو خوشكو برایدا دەگێڕیٚ. هەموو فرمێسكو پـەژارەیان لێدەچۆڕیٚ.بینـایی هەڵدەکشێنیٚ بۆ ئاسمـان. ئاسمـانێکی تـەڵخی رەشباوەو، تاقـە ئەستێرەیەکی گەشگەش، بەناوەڕاستییەوە دەدرەوشێتەوە. ئەستێرە گەشگەشـەکە کزدەبـیٚ..کزتـرو کزتریـنو لـەناکاوێکدا دەکشـیٚ. لەناوەڕاسـتی ئاسمانـە تەڵخـە رەشـباوەکەوە، بـەرەوخوار بـەبریقوباق، بۆ دوورێکـی بێبن دەکشیٚو ئاودیو دەبـیٚ. ئەم نەعرەتەیەك لەقووڵایی هەناویدا دەگرمێنیٚ:

( نا..ژیلان..نا!. ژیلان چۆن بەجێم دێڵیت؟!. دێم..منیش دێـم..ژیلان وا منیش هاتم!).

وەك سەفەرەکەی تەنیا رەتبوونێك بیٚ بەکورتەتوونێلێکدا، لەمسەرەوە هەنگاوی تێبنـیٚو لەوسـەرەوە، دەسـت لـەناو دەسـتی ژیلانـدا بێتـە دەرەوە، پێویسـتی بـەهیچ خۆکۆکردنەوەیـەك نـەبوو. تـەنیا دوو سـەرینی بـەباری درێـژی، لەسـەر جێگاکـەی دانانو بەتانییـەکی بەسـەردا کشاندن. ئەو لەچکـەی لـەملی ئـالاٚند، کـە لەشـەوێوە ئامـادەی کردبـوو. دەسـکی دەرگـای بەهێواشـی بـاداو، لــەژوور بەدەرکـەوت. دەستیدایە جووتیٚ نەعلوبەپێی پەتی، بەڕاڕەوەکەدا هەنگاوینا. بێخشپە دەرگـای سەر حەوشەو ئینجا دەرگای حەوشەشی کردنەوەو، هەنگاوینایە دەرەوەی ماڵ. ئـاوڕێکی خێرایدایـەوە. کەسـی لیبـەئاگا نـەهاتبوو. جووتەنـەعلی بەسـەر پێیەوەکردنو، ملی پێوەنا.

کـاتیٚ گەیشـتە رۆخـی رووبارەکـە، تـازە شـەبەقیدەدا. رووبـەڕووی راوەسـتاو، تـاویٚ پیـایدا هـەڵڕوانی. رووبـاری بەهاژەو کـەفوکوڵی، راسـت وەك کورتەتوونێلەکـە

هاتــه بــەرچاو. لەمســـەرەوە هــەنگاوی تێدەنـــێو، لەوســـەرەوە لەگـــەڵ ژیلانـــدا ، دەستلەملان دێنەدەرەوە..ئاودامان نوقمی پرشنگی ئەستێرە دێنەدەرەوە.

چـــاوی لەســـــەر رووبـــار لاداو وەرچـــەرخا. چـــوو لەچکەکــــەیکرد بــــەلقی دارقەیســــییەکەوە. لــــەچکێکی ئاوریشـــمینی گوڵگوڵیبـــوو. لەگــــەڵ گوڵـــە وردە پەمەییەکانی دارقەیسییەکەدا، هاوئاهەنگ بوون. چمکێکی توند پێوە گرێدا. بیری بۆ ئـەوە چووبوو کـە دەشـێ بایـەك، رەشـەبایەك، گێژەڵووکەیـەك هــەڵبکاو، زەفـەری پێبـەرێ. لەلقەکـەی بکاتـەوەو بیبـا، لـە کـەلێنێکدا لەبـەرچاوانی بزربکا. کـە بزریـش بوو، ئیتر کێ دەزانێ ئەم لەکوێیە؟!.

**سلێمانی** 29/4/1997